مامۆستایەکی زمانی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سزای دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا

مامۆستایەکی زمانی کوردیی خەڵکی شاری سنە بە ناوی "سەما پوور مەحەمەدی" لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە 10 ساڵ زیندانی و دوورخرانەوە بە بەندیخانەی کرماشان سزادرا.

سەما پوور مەحەمەدی، کە مامۆستای زمانی کوردیی و هاوکات ئەندامی لیژنەی بەرەوبەری ئەنجوومەنی "ئۆژین"ـە، بە تۆمەتی "پێکهێنانی دەستە و گرووپ بە مەبەستی تێکدانی ئەمنییەتی ئێران" ئەو سزایەی بەسەردا سەپێنراوە.

شایەنی باسە، ئەو مامۆستایە پێشتریش بە تۆمەتی "تێکدانی ئاسایشی گشتی ئێران" بە ساڵێک زیندانی سزا درابوو.